زیاتر لە 40 ملیۆن هاوڵاتی لە پرسی نوێکردنەوەی داتاکانی وەزارەتی بازرگانی بێشدارن



وەزارەتی بازرگانی ڕایگەیاند: زیاتر لە 40 ملیۆن هاوڵاتی دەخڵنە ناو پرسی نوێکردنەوەی داتاکانەوە، دوای ئەوەی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان و پارێزگای بەسرە بە فەرمی پێیوەست بوون بە پڕۆگرامە نیشتمانییە.

ئەمە هەینی ،٧تبەژی فەرمی وەزارەتێکە محەمەد حەنون کەریم، لە بەیاننامەیەکدا باویکردەوە: لە چوارچێوەی هەوڵە بەردەوامەکانی وەزارەتی بازرگانی بە نوێکردنەوەی داتا و فراوانکردنی بنکەی سودمەندانی خزمەتگوزارییە حکومییەکان، زیاتر لە 40 ملیۆن هاوڵاتی عێراقی خراونەتە ناو پرسی نوێکردنەوەی داتاکانەوە، دوای ئەوەی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان و پارێزگای بەسرە بە فەرمی پێیوەست بوون بە داتا نیشتمانییەکان بە نوێکردنەوەی داتان.

حەنون ئاماژەی بۆشکرد: کارەکان بەردەوامن بە دەستپێکردنی پرسی نوێکردنەوە لە پارێزگاکانی زیقار و کەربەلای پیرۆز لە ماوەی هەفتەی داهاتوودا، ئەمەش لە چوارچێوەی پلانێکی تێکەڵ بە گرتنەوەی سەرجەم پارێزگاکانی عێراق بێبە جیاوازی.

حەنون داوای لە هاووڵاتیانی ئەو پارێزگایانە کرد کە لە ئێستادا نوێکردنەوەکە دەستیکردووە، دەستبەجێ داتاکانیان نوێبکەنەوە لە ڕێگەی ناوەندە دیاریکراوەکان یان پلاتفۆرمە ئەلیکترۆنییە

پەسەندکراوەکانەوە، جەختیشیکردەوە: کە نوێکردنەوەی داتاکان هەنگاوێکی بنەڕەتییە بۆ دڵنیابوون لە بەردەوامی و پەرەپێدانی خزمەتگوزارییە حکومییەکان کە پێشکەش دەکرێن، هەروەها نوێنەرایەتی بناغەیەکی بنەڕەتییە بۆ بنیاتنانی سیستەمێکی دیجیتاڵی دادپەروەرانە و کاریگەر کە خزمەت بە هاوڵاتی عێراقی بکات.

تەئکیدیشیکردەوە: وەزارەت داوا لە سەرجەم دەزگاکانی ڕاگەیاندن و گروپە کۆمەڵایەتییەکان دەکات هاوکار بن لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری سەبارەت بە گرنگی ئەم پرسیە، بە لێبڕچاوگرتنی کاریگەرییە ئاستووخەکانی لەسەر باشترکردنی ئیدای حکومەت و بەرزکردنەوەی کارایی دابەشکردنی خزمەتگوزارییەکانی دیکە. وتیشی: بەردەوام دەبین لە ئاگادارکردنەوەی هاوڵاتیان لە پارێزگا تازە وەرگیراوەکان و هەنگاوەکانی داهاتووی مەدەرنکردن.